# لولەکەی ئاشتی هەورامی




بیست ساڵ پێش ئەمڕۆ، بەشەرعیەتێکی نێو نەتەوەیەوە پرۆژەی نەوتی کوردستانمان داهێنا بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بەرەوپێش بردنی دۆزی سیاسی کورد، سەرکردایەتی یەکیەتی و پارتی، بە پشتیوانی داگیرکەران پرۆژەکەیان لەدەست ئێمە دەرهێناو بۆخۆیان دەستیان کرد بە جوینی بنێشتەکەی ناو دەمی من، لەو رۆژەوە تاکو ئەمڕۆ کارەسات بەدوای کارەسات بەسەر کورد دەهێنن و خۆیان کردە بلوێنەرو زۆرینەی کوردیش بە هەژاری ماوەتەوە.

هەر کاتێکیش گێژەڵوکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی رووی لە دەسەڵات کرد، دەسەڵات توتی و لوتیەکانی خۆی دەنگ دەدا بۆ خلافاندن و چاوبەستنی کورد.

دێتە بیرم لە مانگی ٩ – ٢٠١٠ دا کاتێک گێژڵوکەی سیاسی رووی لەدەسەڵات کرد، کاک بەرهەم و کاک ئاشتی کردیان بە هاتوهاور کە گوایە گازی کوردستان بەلولە بە تورکیادا دەنێرنە ئەوروپا بۆ خلافاندن و چاوبەستنی کورد، هەر لەو کاتەدا وەک ئەمڕۆ، بابەتێکم لەسەر نوسین بە ناوی لاچن کاک بەرهەم و کاک ئاشتی گاز بەرێدەکەن، بەدرۆم خستنەوەو قسەکەشم راست دەرچوو کە پرۆپاگندەکەیان هیچ ئەنجامێکی نەبوو:

http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=5c0e2016

وا ئەمرۆش کە گێژەڵوکەیەکی سیاسی نێونەتەوەیی و عێراقی و کۆمەڵایەتی رووی لەدەسەڵاتی کوردی کردوە، بەتایبەتی لەسەر بەقاچاخ بردنی نەوتی کوردستان و دیارنەمانی داهاتەکان، کاک نێچیرو کاک ئاشتی هەورامی لەهەولێر کۆنفرانسی نەوتی دەبەستن و باس لە راکێشانی لولەی نەوتی دەکەن بۆ تورکیا.

ئێمە وەک شارەزایەکی بواری نەوت، بۆ بەخەبەر هینانی نەتەوەکەمان ناتوانین چاو پۆشی بکەین و ناچارین فتبۆڵی درۆکان پووچ بکەینەوە، بۆیە لەپاڵ پرسیار و شیکردنەوەکەماندا روو لە کاک نێچیرو کاک ئاشتی هەورامی دەکەین و دەڵێین:

١ – ئەگەر ئێوە عێراقین و خۆتان بە عێراقی دەزانن، دەبێ پابەندی دەستوری عێراقی ببن و دەستوریش گۆچانی دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش بەدەست عەرەبەوەیەو چۆنی بوێ ئاوا گۆچانەکە هەڵدەسوڕێنێ، بەمانای هەر کارێک کە تۆ بیکەی و بەدڵی ئەوان نەبێ، دەستورێکت بۆ دادەرێژێ و دەستتی پێ دەبەستێ، ئەو پڕۆپاگندانەی ئێوە دەیکەن دژی دەستوری عێراقیەو ناکەونەکار.

٢ – ئێوە لەدەستکاری کردنی نەوتی کوردستان دا، نەتان توانیوە کۆمەڵگای کوردەواری رازی بکەن و زۆرینەی خەڵک دەڵێ نەفرەت لە نەوت دەرهێنانەکەتان چونکە دوکەڵ و پیسیەکەی بۆ ئێمەیەوە داهاتەکەشی بۆ ئێوەو هاوبەشە دزەکانتانە.

٣ – ئەگەر بەوردی وتەکانی ئێوەو وەزیری وزەی تورکی هەڵبسەنگێنرێ، هەردوو لاتان باس لەوە دەکەن کە هەر نەوتێک بەو لولانەدا بەرێ بکرێ، داهاتەکەی دەرواتە ناو خەزێنەی عێراقیەوە، لیرەدا پرسیار دێتە ئاراوە، ئەگەر نەوت دەرهینانەکە هەر بۆ عێراق بێت، جەنابی کاک نێچیرو کاک ئاشتی هەورامی، بۆ کانگە نەوتیەکانی ئەو بەشە ئازادکراوە بەتاڵ دەکەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی نەجەف و کەربەلا ؟، یان تەنها لەبەر بەکار خستنی ئەو کۆمپانیایانەیە کە خۆتان بەشتان تێدایەتی.

٤ – جەنابی کاک نیچیرو کاک ئاشتی هەورامی، مەگەر پێتان وا نیە کە خەڵک زۆر باش ئاگادارە کە نیوەی خاکی ئەو بەشە ئازادکراوەتان فرۆشتوە بە کۆمپانیا بێگانەکان و ئەگەر تا چەند ساڵێکی تر لەسەر دەسەڵات بن، کورد بێ خاک دەمێنێتەوە بەشی دێبەرە تەماتەیەکی خاک بەدەستەوە نامێنێ.

٥ – جەنابی کاک نێچیرو و کاک ئاشتی هەورامی، تۆ بڵێی دەسەڵاتدارانی دنیاو دەوڵەتی عێراقی و ئێران بێدەنگ بن بەرانبەر بەو هەڵوێستەی ئێوەو سەرۆکەکەتان کە دەتانەوێ ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستان بدەنە تورکیاو تەنها بۆ پارستنی دەسەڵاتداریەتی خۆتان و باخەڵەکانتان، پێتان وا نیە کە ئەو کردارەتان شەڕێکی بەهێز لەناوچەکە پەرپا دەکات و بەشێکی تری کوردی تێدا لەناو دەچێت ؟.

٦ – چ ویژدانێکی دنیا ڕێگاتان پێ دەدات ئێوە ئاوا سامانی کورد بەهەدەر بدەن و باخەڵی خۆتانی لێ پڕ بکەن و هەزار گوندیشم تا ئێستا بە کاولکراوی مابێتەوە ؟.

٧ – با پێتان بڵێم، لولەکەی کاک ئاشتی خێرو خۆشی بەدواوە نیەو با کوردەی ماڵوێران خۆی ئامادە بکات بۆ کۆڕەوێکی تازەو ناویشی لێدەنێین کۆڕەوی لولەکەی کاک ئاشتی.

سەردار پشدەری

لەندەن ٢٢ – ٥ – ٢٠١٢

http://www.kurd-oil.net